زایەڵەی "بانگی ئازادی"ی عەبدوڵڵا جەودەت دوای سەدساڵ

میران ئەبراهام و گوێی کپی کورد*

ئەنوەر سوڵتانی

"ئەوگەلەی عەقڵی خۆی لەژێر کاریگەریی ترس و وەهمدا پەروەردە دەکات، بۆ هەتاهەتایە وەک کۆیلەی ستەمکار دەمێنێتەوە." (لایەڕە ٤٢٨ی کتێبەکە)

سەدەی بیستەم سەدەی سەربەخۆیی و بندەستی بوو- سەربەخۆیی بۆ زۆرێک لە وڵاتانی ناو ئیمپراتۆریەتە نەخۆشەکەی ئەورووپا و درێژەی بندەستیی و بێ مافیی هەندێکی دیکە و یەک لەوان، گەلی کورد.

ڕۆمانی تازەی میران ئەبراهام ئاوێنەی بەشێکی بەرچاو لە ڕووداوەکانی ئەو سەدەیە، بەتایبەت نیوەی یەکەمی، بە میحوەرایەتیی گەلی کورد و خەباتی مەدەنی – سیاسیی کوردە لەپێناو 'ئازادی' و ماف و هاتنەدەر لە ژێر حوکمی بێگانە.

نووسەر، کە شارەزای مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و کوردستانە، ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە ناودارەکانی کورد و غەیرە کوردی، زیندوو و مردوو، بە جیاوازیی هزر و بیریانەوە، لە دەوری دوکتۆر عەبدوڵڵاجەودەت (١٩٣٢-١٨٦٩) کۆ کردۆتەوە بۆئەوەی ڕوانگەی هەرکامیان بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرکی واتا کۆتاییهێنان بە بندەستیی کورد لە ژێر حوکمی حاکمانی تورک و ئێرانی و دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک بۆ دۆزی ئاڵۆزی گەلەکەمان لەو بڕگە گرنگەی مێژوو ڕابگەیەنێت، بێ ئەوەی هەڵوێستی خۆی ڕاستەوخۆ بدرکێنێ.

ئەو، هەروەها چیرۆکنووسێکی بە ئەزموون و شیرین قەڵەمە کە توانیویەتی وەک گێڕەوەی بیرتیژی داستان، چەندەها جەمسەری تاک کەوتووی ئەو مێژووە، وەک شێخ سەعیدی پیران، شەریف پاشای خەندان، ئیحسان نووری پاشا، کەماڵ ئەتاتورک، تیۆدۆر هرتزڵ، محێدین سەبریی کانیمشکانی، ڕەشید عالی گەیلانی، بنەماڵەی بەدرخانی و شەمزینی، تۆفیق وەهبی، ئەمین زەکی بەگ، کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقیی تورکان، کۆمەڵەی یەکیەتی و تەعالیی کوردان، حزبی هیوا و کۆماری کوردستان، شەڕی یەکەمی جهیانی، پەیمانی سیڤر و لۆزان و دەیان ڕووداوی دیکەی کوردستان و عوسمانی بەیەکەوە ببەستێ و بیانخاتە ناو لاپەڕەی ڕۆمانێکی مێژووییەوە بۆئەوەی خوێنەر بتوانێ هەم چێژ لە خوێندنەوەی ببینێ و هەم لە عەینی کاتدا لەو 'تراژێدیایە' تێبگات کە لە زمان عەبدوڵڵا جەودەتەوە دەڵێ: "هەموو گەڵێک لە سەرەتای دروستبوونیدا دەزانێ چی ناوێت بەڵام هێشتا نازانێ دەیانەوێ خۆیان چی بن و بەرەو کوێ هەنگاو بنێن... گەلی بێ نووسین و بێ ئارشیف زوو دەتوانرێ بسڕرێتەوە و لەناو بچێ. (ل. ١٨٦)

پاڵەوانانی سیاسەتی ئەو ڕۆژانەی کورد لە ڕۆمانی میران ئەبراهامدا هەر ئەو کەسانەن وا خوێنەری کورد دەیانناسێ و دەزانێ چییاندەگوت و چییاندەویست؛ کوردانی دانیشتووی قاهیرە و ئەستەنبوڵ و سلێمانی، مەلا محەمەدی هەولێری، مزگەوتی دارولئیحسانی سنە، زانستگەی ئەزهەر لە قاهیرە و خانەقای نالی لە سلێمانی، هرتزلی موسایی(٣)، تاهیرەی بابی(٣)، بەهائوڵلای بەهایی، خودێدای ئێزدی، یاریی حەقە،

تێکەڵبوونی تەریقەتی نەقشی و قادری لە سیاسەتەوە و دووبەرەکی کەوتنە نێوانیان...

بەڵام قسە و تەنانەت دروشمە سیاسییەکان لێرەدا ویشک و ڕەق نین، بەڵکوو بە گەڕانی وەستایانەی قەڵەمی نووسەر لە قازانی ڕۆمانەکەدا بوونەتە هەڵوایەکی بەتام کە خوێنەر بەهاسانی دەتوانێ قووتیان بدات. هۆکارێکی ئەو سەرکەوتوویە واهەیە لەوەدا بدۆزرێتەوە کە ئەو، زۆر وەستایانە، مێژوونووسینەکەی خۆی لەژێر ناوی 'ڕۆمان'دا شاردۆتەوە و بەوشێوەیە توانیویەتی نەترسانە دەست بە ناو هەمبانی مێژووی ئەو سەردەمەی کوردستان و ناوچەدا بسووڕێنێت و پەیام و هەڵوێستی دڵخوازی خۆی لە زمان دەیان کەسایەتیی گەورەی سیاسەت و هونەر و ئەدەب، سیاسەتمەدار و ئایینمەدار و بیرمەند و ڕۆژنامەنووسی کورد و غەیرە کوردەوە ڕابگەیەنێت، بەڵام خۆی لە قەراغ ئاو ڕاوەستێت و سەیری تێپەڕبوونی شەپۆلەکان بکات بێ ئەوەی لاقی تەڕ بێت.

دوای عەبدوڵڵا جەودەت، کەسایەتی دووەمی ڕۆمانەکە، شێخ فەرەجوڵڵا زەکیی مەریوانییە (١٨٨٢-١٩٤٠). من کە وردە زانیارییەکم سەبارەت بە شێخ فەرەجوڵڵا و بەهیەخانمی کچی و 'مطبعة العلمی کوردستان'ەکەی ئەو لە قاهیرە هەیە و لە ڕێگەی برادەرێکی خۆشەویستەوە دەزانم چاپخانەکە لە درب المسمط و گەڕەکی جەمالیەی نزیک ئەزهەر و بازاڕی خان الخلیل هەڵکەوتبوو(١)، هەروەها دەزانم بەهیەخانمی کچی فەرەجوڵڵا پێش مەرگی باوکی چوو بۆ بەغدا و لەوێ مامۆستایی دەکرد و یۆنس دڵداری شاعیر کەوتبووە داوی ئەوینی ئەوەوە(٢)؛ کاتێ دەبینم هەواڵدەریی مامۆستا میران لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکاندا

یەکدەگرنەوە، دەشتوانم هەست بکەم زانیارییەکانی دیکەی سەبارەت بە دوکتور عەبدوڵڵا جەودەت، ڕۆژنامەی ئیجتیهاد، جنێف، ئەستەنبوڵ، قاهیرە، دیاربەکر و سلێمانی، هەروەها ڕۆژنامەی کوردستانی بەدرخانییەکان و پەیوەندیی لەگەڵ چاپخانەکەی شێخ فەرەجوڵڵا، دوور لە ڕاستی و بێ بنەمای مێژوویی نین.

واتا ئەگەر گوندی کەلییەی مەریوان بە مزگەوتی دارالاحسانی سنە و ئەزهەری قاهیرەوچاپخانەی زانستییەوە دەبەستێتەوە، ئەگەر لە زمان قەشە فرانکلینەوە مێژووی کۆمەڵکوژیی ساڵی ١٨٤٤ی نەستوورییەکان دەگێڕێتەوە و دەڵێ ئەو تاوانە "بە ڕەزامەندیی میری بۆتان" بەڕێوەچوو، یا هەواڵی ساڵی ١٨٨٢ ی نێردەیەکی بریتانیا لە دیاربەکرمان سەبارەت بە وێرانکردنی گوندە ئێزدییەکان... بەزیندوویی سووتاندنی پیاوان، فرۆشتنی ژن و منداڵان وەک کۆیلە لە بازاڕی مووسڵمانان بەگوێدا دەدات (لل.٢٧٨ و ٩)، خوێنەر دەستبەجێ داعشی ئەمڕۆی دێتەبەرچاو و بەشێک لە کردەوەکانی ئیسلامی سیاسی لە چوارگۆشەی جیهانیش مۆری پەسند لە هەواڵەکانی دەدەن. یان ئەو کاتەی وا لاپەڕەی کۆنی مێژوو هەڵدەداتەوە و ئەسیناس بارزانی و مەولانا خالید و نالیی شاعیر و تاهیرەی پاکیزە دەکاتە شایەدی بۆچوونەکانی خۆی، خوێنەر باوەڕی پێدەکات.

بەگوێرەی نووسەر، عەبدوڵڵا جەدەت لایەنگری ژیانی ئازادە بۆ هەموو تاکێک و گەلێک. بەڵام لەسەر ڕێگای دوور و درێژی خەباتی سیاسی ڕا و بۆچوونی خۆی لەگەڵ زۆر کەسایەتیی کورد و غەیرەکورد ئاڵوگۆڕ دەکات و لەو بوارەدا گۆڕانێک بەسەر هەڵوێستیدا دێت

که ناترسێ و دەریدەبڕێت: "ئەز کوردم... نەک بۆ بەرگری یان جۆرێک لە پلاندانان، تەنیا وەک سەرەتایەک بۆ بوون... من هەرگیز خۆم بە پیاوێکی نەتەوەپەرست نەزانیوە، هەمیشە لەوباوەڕەدا بووم کە نەتەوە بتێکە و مرۆڤی ئازاد ناپێەرستێت... کەچی شتێک لە نیگا و ڕوانینی عەبدولڕەزاق بەدرخاندا هەبوو، منی دایە بەر شەقەی ویژدان، ئەویش ئەو پرسیارە بوونگەراییەبوو کە بەڕاست من کێم ئەگەر بێ ڕەگ و ڕیشە و بێ گەل و ماڵ بم؟ خۆ نە تورکم نەعەرەب، فەرەنسیش نیم... تاوەکوو ئێستا من بە تورکی دەنووسم، بە فەرەنسی و عەرەبی... وەک ئەوەی لە خانوویەکی بەکرێدا بژیم. مانەوە چ مانایەکی هەیە ئەگەر مرۆڤ لەبیری نەمێنێت کێ بووە بەرلەوەی دەست بە بیرکردنەوە بکات؟... مرۆڤ بێ شوناس وەک گەڵایەکە لە زریاندا" (عەبدولڵا جەودەت دوای چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولرەزاق بەدرخان، لل. ١٠٨تا ٩ و ١١٦)... "هەرجارێک گۆڤارێک قەدەخە بکەن، حەز و تینی ئێمە بۆ بۆ چاپکردنی زیاتر دەبێت. ئێمە گەلێکین فێربووین بە قاچاخ و دزییەوە هەناسە بدەین... بەڵام لەوانەیە ڕێگای ئازادی بە یاخیبوون دەست پێنەکات بەڵکوو بە خۆناسین... (فەرەجوڵڵا زەکی، ل.١٧١)... لە زمان تیۆدۆر هرتزڵیشەوە ڕێبازی سەرکەوتن بە گەلانی بندەست پیشاندەدات: "ئێمە بە وشە، بە تاڵ و داوی یادەوەری، خۆمان بە یەکەوە دەدوورینەوە. نە سوپاو لەشکرمان هەیە نە زەویوزارێک، نە پارە وپووڵێک. بەڵام یادەوەری و

زمان و ئەندێشەمان هەیە. ئەوەش بەسە بۆ ئەوەی دەوڵەت و کیانێک بنیات بنێین، بە مەرجێک چاونەترس و بوێر بین." (ل. ١١٢)

نووسەر بەرانبەر بە مێژوو و ڕووداوەکانی دەستەوەستان نییە و لە کتێبەکەدا تەنیا دەوری گێڕەوەی بێدەسەڵاتی بەسەرهاتەکان نابینێ، بەڵکوو ڕەخنەگرێکی بوێریشە. بۆ نموونە، لە زمان خودێدای ئێزدیی - هاوڕێی گیانی بەگیانیی فەرەجوڵڵاوە سەبارەت بە شەرەفخانی بدلیسی دەنووسێت، "شەرەفنامەکەی ناتەواوە. لەوێدا باسی میران و شێخانی ئێزدی و یارسان و عەلەوییەکانی زاگرۆس و ئیلام نەکراوە. ئایا ئەوە غەدر نییە؟ ئەی فەرقی ئەو چییە لەگەڵ ئەو عەرەب و فارس و تورکانەی مێژووی ئێمەیان بە دڵی خۆیان نووسیوەتەوە و تەنیا باسی نۆکەرەکانی خۆیان کردووە؟ ئەگەر دەتانەوێ گۆڕانکاری ڕیشەیی لە عەقڵییەتی تاکی کورددا بدەن، دەبێ لەخۆتانەوە، لە ماڵی خۆتانەوە دەست پێبکەن." (ل. ٢٠٢)

نووسەر، ساڵانێک دوای وەستانی ڕۆژنامەی کوردستان- یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، شێخ فەرەجوڵڵا و 'خودێدا'، دوو کۆڵەکەی سەرەکیی مطبعة العلمی کوردستان کە ئیتر پیر بوون و سەریان سپی بووە، دەخاتە وتوێژێکی گرنگەوە سەبارەت بە ڕۆژنامەکە. وتوێژەکە ئاماژەیە بەو ڕاستییەی وا کاتێ سانسۆرچییانی خدیوی میسر لە قاهیرە بە فەرمانی

سولّتانی عوسمانی دەرگای چاپخانەی زانستیی شێخ فەرەجوللّا قفڵ دەکەن، شێخ خۆی و هەندێک لە ڕووناکبیرانی کورد و دڵسۆزانی وشەی کوردی، شەوانە بە نهێنی چوونەتە ناو چاپخانەکە، سنووری سانسۆریان بەزاندووە و چەندەها ڕۆژنامە و کتێب و نامیلکەیان بەناوی 'چاپخانەی سەعادەت' و 'سێبەری ئەهرام'ەوە بڵاوکردۆتەوە و نەیانهێشتووە چەکی قەڵەم بکەوێتە زەوی. ئەوە بەشێک لە وتووێژەکەیانە:

'خودێدا' نامەی دۆستێکی بە دەستەوەیە وا لە ئەوروپاوە بۆی ناردووە و بە هەڵەداوان هاتۆتە لای فەرەجوللّا.
- فەرەجۆ: 'بیخوێنەوە خودێدا، بیخوێنەوە با گوێم لێبێت، تا زەنگی گەنجێتیمان جارێکیتر لێبداتەوە.'
- خودێدا دەنگی نزمتر و خاوتر بوو...دەستی بەخوێندنەوە کرد: 'کوردستان، ڕۆژنامەیەکی حەفتانەی ئەدەبی... لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانییەکانەوە لە ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە... پاشان جنێف و لەندەن... ژمارەکانی ١ تا ٣١ لە کتێبخانەی پرووسیا لە ئاڵمانیایە...'
- فەرەجۆ بۆ ساتێک چاوەکانی لێکنا وگوتی: 'ڕۆژنامەی کوردستان... وەک ئەوەی دوێنێ بووبێت. تەماشاکە لەو تووە بچکۆڵەیە ئێستا چ دارستانێک باڵای کردووە.'
-'سەیرکە فەرەجۆ! کەچی ناوی من و تۆ، تەنانەت ناوی ئەم چاپخانەیەش لە هیچ شوێنێکدا نییە! وەک ئەوەی ئێمە هەر نەبووبین! چ شەرمەزارییەک! لە گۆڕار و ڕۆژنامەکاندا ئەگەر هەڵە نەبم، تەنیا لە ژمارەی چواری

ڕۆژنامەی کوردستاندا ناوی چاپخانەی زانستی کوردستان هاتووە.'
-'خەمت نەبێ خودێدا، ناوی ئێمە گرنگ نییە... بەردەوام بە... ئەو خەونەی ئێمە لێرە لەم ژووڕە تەنگەبەرەدا بەدیاریەوە پیر بووین، ئێستا زیندووە، لە سلێمانی، لە شام، لە ئامەد، لە هەموو شوێنێیک. ئەو پڕیشکەی لە ناو تاریکیدا دامانگیرساند، ئێستا بووە بە ئاگرێکی گەورە.' (لل.٣٨٥ تا ٧)

لایەنێکی دیکەی کاری نووسەر، زیندوو کردنەوە و وەبیر هێنانەوەی بیرمەندانی کۆنی کوردە و بەگوێدادانی ئەو ڕاستییە شاراوەیەی کە کورد فەیلەسووف و زانای کەم نەبوون بەڵام مل دانەواندن بۆ کەلتوری بێگانە و دۆگماتیزمی ئایینی حاکمانی ناوچە، دەرەتانی خۆدەرخستن و گەشەکردنی پێنەداون. شەهابەدینی سوهرەوەردیی کورد بە فەرمانی سەلاحەدینی ئەیوبیی کورد و کوڕەکەی دەکووژرێت! ئەو تراجیدیایە ئەنجامی چارەڕەشیی کورد و سەرسپاردەییانە بۆ باوەڕێکی هاوردە و ئەو 'فەرمان'انەی وا بێگانە پێیان دەدا و لای ئەوان دەبێتە فەرمانێکی پیرۆز. بەڵام ئایا ئەویش و ئێمەش دەتوانین پاڵەوانانی چیرۆکێکی سەدەکانی ناوەڕاست بە پێوانەیەکی سەدەی بیست وبەکەم هەڵسەنگێنین و بە یاسای ئەمڕۆیی قەراریان بۆ دەربکەین؟

میران ئەبراهام لە کتێبەکەیدا، تەنیا مێژوویەکی ساردوسڕمان بۆ ناگێڕێتەوە، بەڵکوو ڕۆمان نووسێکی بەئەزموونیشە کە زیل و بەمی پیلان لە چیرۆکنووسیدا دەناسی و دەزانێ چۆن خوێنەری گێڕانەوەکانی خۆی کشومات بکات. سەیرێکی چیرۆکی کۆچی دوایی کەسایەتییە سەرەکییەکانی چیرۆکەکە لە لاپەڕەکانی کۆتاییدا، ئەو لێزانییانەی نووسەرمان بۆ دەردەخات:

- عەبدوڵڵا جەودەتی پێشکەوتنخوازی خەمخۆری مرۆڤایەتی، دوای تەمەنێک خەبات لە پێناو هێنانی خوێنی نوێ بۆ ناو دەماری ویشکهەڵگەڕاوی گەلانی ناو ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و تورکیای نوێ و دوای دەرکردنی ڕۆژنامەی ئیجتیهاد و چاپی دەیان نامیلکە و سەدان وتار، لە نێوان دوو بەرداشی ناسیۆنالیزمی تورکی و کوردیدا ورد وخاش بووە و لە تەنیایی و بێدەنگیدا شاری جنێف بەرەو ئەستەمۆڵ بەجێدەهێڵێ لەوێ لە کتێبخانەکەی خۆیدا بێ هەستوخوست و بۆ دواجار چاوی لەسەریەکدادەنێ: 'بە ئارامییەکی سەیرەوە پالیدابووەوە، وەک ئەوەی لە خەونێکی قوواڵدا بێت. پەنجەکانی هێشتا بە نەرمی، لە دەوری قەڵەمەکەی پێچرابوون، نەک وەک سەربازێک و چەکەکەی، بەڵکوو وەک دایکێک دواکۆرپەی خۆی لە ئامێز گرتبێت... لەسەر مێزی نووسینەکەی نامەیەک دانرابوو. دوا وشەکانی وەک داڕژانی ئەستێرەیەکی کووژاوە، لەسەر کاغەزەکە بڵاو ببوونەوە: 'وەسیەتنامە، بۆ منداڵانی نەتەوەی کورد... ڕۆڵەکانم من

بۆ ئێوە زێڕ و تەخت و بەخت بەجێناهێڵم، بەڵکوو پرسیارێکتان بۆ بەجێدەهێڵم تەمەنێکە بەدوایدا وێڵم. نەتەوەیەک تەنیا بە چەک بەرگری لە خۆی بکات، بە ژەنگی چەکەکەی دەستی خۆی دەمرێت بەڵام نەتەوەیەک بە عەقڵ و قەڵەم بەرگری بکات دەبێتە بەشێک لە ئەبەدییەت..."" (ل. ٣٨١)

-فەرەجوڵڵازەکیی مەریوانی دوای قەدەغەکران و داخرانی چاپخانەکەی لە قاهیرە و ڕۆیشتنی بەهیەی کچە تاقانەکەی بۆ بەغدا، لە ماڵی خۆیدا بێدەنگێک دەمرێ و تەنیا ژمارەیەک ئەهلی قەڵەمی کورد و عەرەب لەسەر مەزاری ئاماده دەبن.

- شێخ محی الدین صبری کانیمشکانی (١٨٦٠-١٩٤٠) هاوکاری فەرەجوڵڵا لە دامەزراندنی چاپخانەی زانستیدا، پاش ئەوەی فەرەجوڵڵا ئایینی بەهایی وەردەگرێت، لێی جیا دەبێتەوە و دەڕوا. درەنگتر، ئەویش لە هەمان ساڵی وەفاتی فەرەجوڵڵادا لە قاهیرە کۆچی دوایی دەکات.

- خودێدای دڵسۆزی فەرەجوڵڵا، کە لەڕۆژی یەکەمی چاپخانەی زانستیی کوردستانەوە تا داخرانەکەی خەمخۆری وشەی کوردی بوو و لە چاپکردنەوەی شەرەفنامەدا بەشداریی کردبوو، دوای مردنی فەرەجوڵڵ و جەودەت و ڕۆیشتنی بەهیە خانم، هەست بە بێ پشتیوانی دەکات و چیتر ناتوانی لەگەڵ ناتەواویی جەستەی خۆی و تانە و تەوسی عەوامدا دەوام بهێنێت، لەسەربانی چاپخانە داخراوەکەی کوردستان ئاگر لەخۆی بەردەدات و دەبێتە خۆڵەمێش.

- یاران، دۆستی دڵسۆزی فەرەجوڵڵا و خودێدا و چاپخانەکە، وەک ئیماندارێکی یارسانی کەبەشێک لە تەموورە پیرۆزەکەی لەگەڵ ئاگری لەشی 'خودێدا' سووتاوە، تەمووری سووتاو بەدەستەوە، خۆی دەهاوێتە بەر خوڕەی ئاوی ڕووباری نیل و لەوێدا دەخنکێ، تەموورەکەشی ئاو بە دەریای پەیوەست دەکات.
- بەهیەی تێگەیشتووی خوێندەوار، کە لە قاهیرە، لەگەڵ منداڵانی سوڕەییا بەدرخان چووبووە بەرخوێندن، ڕۆحی لە بەجێهێشتنی باوکی نەخۆشی خۆی، تووشی ئازارێکی هەمیشەیی بووە، ئێستا لە غەریبایەتیی شاری بەغدا، هەواڵی مەرگی باوکی پێدەگات: 'ماجید بەگ بوو... کاغەزێکی بەدەستەوە بوو. کاغەزێکی کورت بەڵام قورساییەکەی شانی پیاوێکی دەشکاند. دڵم کەوتە پەلەپەل وەک ئەوەی دڵ پێش عەقڵ کارەسات بناسێتەوە. ماجید بەگ چاوی لە زەوییەکە بڕی، پاشان بە دەنگێکی خەفەتباری لەرزیوەوە وتی لە میسرەوەیە... تەلەگرامێکە. دەستم بۆ کاغەزەکە درێژکرد. پەنجەکانم دەلەرزین. کاغەزەکە لەناو دەستمدا وەک پشکۆیەک دەسووتا. وشەکان کەم بوون بەڵام هەریەکەیان وەک خەنجەرێک لە دڵم دەچەقی: "فەرەجوڵڵا کۆچی دوایی کرد.". دانیشتمەوە. نا، هەرەسم هێنا... ئەو، ئاسمانەکەم بوو منیش لەژێر ئەو ئاسمانەدا دەژیام و ئێستا ئاسمان بەسەرمدا داڕماوە" (ل.٣٩٩). بەشوێن ئەو مردنەدا، هەواڵی مەرگی لەناکاوی یۆنس ڕەئووف (دڵدار)ی ئەڤیندارەکەی خۆی، ئەوەندەی دیکە دەیشەمزێنێت و هاوکات، حکوومەتی بەغدا فەرمانی بۆ دەردەکات

"بەهۆی بەردەوامی لە چالاکیی تێکدەرانە، بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی قەدەخەکراو، پەیوەندی لەگەڵ لایەنی بیانی و کاریگەریی شێوێنەر لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی شانشینی عیراق، بەم شێوەیە بڕیار دەدرێت بە دەرکردنی خاتوو بەهیە فەرەجوڵڵا زەکی لە خاکی وڵات. پێویستە لە ماوەی چل و هەشت کاتژمێردا لەدوای وەرگرتنی ئەم فەرمانە، بڕیارەکە جێبەجێ بکرێت." ناچار بە یارمەتیی ڕۆبێرت گوێلیک فەرمانبەرێکی باڵوێزخانەی ئەمریکی لە بەغدا، کە دواتر دەبێتە هاوژینی، خاکی عیراق بەجێدەهێڵێت.
- شەوکەت، هاوسەری فەرەجوڵڵا، 'ئەو ژنەی هەمیشە وەک چیا قایم و وەک ئاو هێمن بوو'، پێش مردنی فەرەجوڵڵا دەچێتە بەغدا لای کچەکەی و لەوێ هەواڵی مەرگی فەرەجۆ دەبیستێت: 'بۆچی بەجێت هێشت؟ تۆ ڕۆیشتی و ئەویش ڕۆیشت... من لە نێوان دوو کۆچدا وەک دارێکی سووتاو بە تەنیا مامەوە. خۆ تۆ ئەوەت دەزانی باوکت بێ تۆ بەرگەی غەریبی ناگرێت'؟

هەموو ئەو بارە قورسانە لەسەر شانی کچێکی تەنیا و بێ پشتوپەنا لە وڵاتێکی غەریب. گەلۆ ئەوە میران ئەبراهامە کە مامۆستای ئەفراندنی تراجێدیایە، یا سروشت و ژیانی کۆمەڵایەتییە وا دڵڕەق و بێبەزەییە، یا بارودۆخی سیاسیی وڵاتانی ئێمەیە چاپخانەیەکی خزمەتگوزار بە کەسێکی وەفاداری خەڵک دادەخەن و کچێکی مامۆستای دڵسۆزی منداڵانی وڵاتێک، بە ئیرەیی جاسووسان، شاربەدەر دەکەن؟ کتێبی میران گەلێک پرسیاری دیکەمان لەبەردەم قوتدەکاتەوە.

پەراوێز

- ڕێزدار میران ئەبراهام ڕۆمانتووسێکی خاوەن ئەزموونە کە تا ئێستا شەش ڕۆمانی بڵاوکردۆتەوە و خوێندەری کورد پێشوازیی بەرچاوی لێکردوون. تایتڵی 'بانگی ئازادی'ی ئەم کتێبە لە ناوی نووسراوەیەکی دوکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت وەرگیراوە و جارێکیش لە باسی بەهیە فەرەجوڵڵا زەکی لە لاپەڕەکانی کۆتایی کتێبەکەدا، کەڵک لە زاراوەی 'بانگی ئازادیی ژنان' وەرگیراوە.

١. برای بەڕێزم کاک سامان عەلی، چەند مانگێک پێش ئێستا سەفەری قاهیرەی دەکرد. تکام لێکرد بەڵکوو بەهەوآڵێکی پاشماوەی "مطبعة العلمی کوردستان"ی نەمر فەرەجوڵڵا زەکی مەریوانی لە شارەکە بزانێت. ئەویش بە هیممەتێکی بەرزەوە یارمەتی لە شارەزایەک وەرگرتبوو و شوێنەکەی لە گەڕەکی جەمالیە و کۆڵانی درب المسمط دۆزیبووەوە کە ئێستا زۆر ئاوەدان نییە و کارگەیەکی فافۆن لە جێگەی دانراوە. چەند وێنەیەکیشی کە لە شوێنە نیوە وێرانەکەی چاپخانە هەڵگرتبوو، بە دڵئاوایی لەوێوە بۆ ناردم. وا منیش سێ دانەیان پێشکەشی خوێندەری کتێبی بانگی ئازادی دەکەم، کە وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، بەشی بەرچاوی لەسەر بنەمای ژیان و کار و ئەرکی فەرەجوڵڵا زەکی لەو شوێنە و لەسەر مەکینەی چاپەکەی مطبعة العلمی کوردستان دانراوە کە ئەویش بەداخەوە فەوتاوە و چیتر نەماوە بۆ ئەوەی لە موزەیەکی کوردستان دابنرێت. خۆزگە خێرخوایەکی کورد ئەو شوێنەی ئێستای بکڕیایە بە هیوای ئەوەی لەدواڕۆژدا بکرێتە شوێنی یادەوەریی فەرەجوڵڵا زەکی و چەند سەربازی ونی دیکەی گەلەکەمان، کە لەژێر گوشاری لەبن نەهاتووی حکوومەتی ئەستەمۆڵ و قاهیرەدا ملیان دانەنەواند و تا دواڕۆژی ژیان لە سەنگەری چاپخانەی زانستیدا مانەوە. بە داخەوە ساڵی دامەزرانی چاپخانەکە ڕوون نییە و بەگشتی دەگوترێ لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بووە و لە هەندێ سەرچاوەدا ساڵی ١٩٠٧یش دەستنیشان دەکرێ. ساڵی داخرانیشی دیارە درەنگتر نەبووە لەوساڵەی وا خاوەنەکەی واتا شێخ فەرەجوڵڵا کۆچی دوایی کرد (دەگوترێ ساڵی ١٩٤٠ بووە).

سێ وێنەی گەڕەکی جەمالیە و کۆڵانی درب المسمط لە قاهیرە، (کامیرای سامان عەلی)

٢. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە کتێبی "کوردستان ئەی خۆشەویستم- بیرەوەرییەکانی بەهیە فەرەجوڵڵا زەکی مەریوانی"، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە ئەنوەر سوڵتانی،دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس لە هەولێر و کۆڕی ناوچویی ڕۆحانیی بەهاییەکان لە سلێمانی، ٢٠١٠

٣. تیودۆر هرتزڵ (١٨٦٠-١٩٠٤)، یاساناس و ڕۆژنامەنووسی جووی خەڵکی

هونگاریا و بناغەدانەری بیرۆکەی زایۆنی و باوکی ڕۆحیی دەوڵەتی ئیسرائیل.
٤.فاتمە بەرەغانی قەزوینی (قرة العین) (١٨٥٢-١٨١٥ز) کە بە ناوی 'طاهرە' (پاکیزە)وە دەناسرێت، ژنە شاعیری موجتەهید و مامۆستای ئایینی ئازادیخوازی ئێرانی و لایەنگری سەیدعەلی محەمەدی شیرازی (باب) (١٨٥٠-١٨١٩).
تاهیرە یەکەم ژنی مێژووی ئیسلام بوو کە لە کۆبوونەوەیەکی گەورەی پیاوان لە سەدەی نۆزدەهەمدا حیجابی لەسەری خۆی لادا و لە سەردەمی ناسرەدینشای قاجاردا بە پیلان و هاندانی مەلاکانی ئێران، دوای ماوەیەکی زۆر شاربەدەری بۆ عیراق و مانەوەی لە کرماشان، پاشان زیندانیکرانی لە تاران، هەر لەو شارەش خنکێنرا. گوایە نەمر تۆفیق وەهبی ئەم شیعرەی وا دەگوترێ هی تاهیرە بێت و بۆ عەلیمحەمەدی بابی گوتبێ، لە سەر دیواری کتێبخانەکەی خۆی هەڵواسیبوو:

گر به تو افتدم نظر، چهره به چهره، ڕو به رو
شرح دهم غم تورا، نکته به نکته، مو به مو
از پی دیدن رخت همچو صبا فتاده‌ام
خانه به خانه، در به در، کوچه به کوچه، کو به کو
(ئەگەر ڕوخسار بە ڕوخسار و ڕووبەڕوو چاوم پێت بکەوێ،
خاڵ بە خاڵ و موو بە موو باسی خەمی خۆمت سەبارەت بە تۆ بۆدەکەم
بۆ دیتنی ڕووت، وەک بای سەبا کەوتوومەتە گەڕان
ماڵ بە ماڵ و دەرگا بە دەرگا، کۆڵان بە کۆڵان و گەڕەک بە گەڕەک)
(پێویست بە گوتنە کە گومان لە ناوی شاعیری شیعرەکە کراوە و بۆچوونێک ئەوەیە شیعری تاهیری کاشانی بێت)
ئەوەش نموونەیەک لە نووسراوەی سەر کتێبێکی چاپخانەکەی فەرەجوڵڵا زەکی (وەرگیراو لە کتێبی بانگی ئازادی)